

thl

خەتەنەکردنی کچان و ژنان، واتە شێواندنی ئەندامی زاوزێ

thl.fi/fgm

# خەتەنەکردنی کچان و ژنان، واتە شێواندنی ئەندامی زاوزێ

**خەتەنەکردن (شێواندن)ی کچان و ئافرەتان واتە لابردنی ئەندامی زاوزێی دەرەکی یان زیانگەیاندن پێی بە بێ هۆیەکی پزیشکی.**

خەتەنەکردنی کچان پەیوەندی بە نەریتەوە هەیە و لە بنەڕەتدا بەزۆری بە مەبەستی پاراستنی منداڵەکەیە. هەروەها هۆیە کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان کاریگەرییان لەسەر بەردەوامیی نەریتەکە هەیە. بەو ڕێگەیە دەتوانرێت خواستی ئەو ویستە جێبەجێ بکرێت کە کچەکە بە کولتوور و خێزانەکەیەوە ببەسترێتەوە. خەتەنەکردنی کچان چەندین مافی مرۆڤ پێشێل دەکات و لە فینلەندا بە تاوان دادەنرێت. هەروەها خەتەنەکردن ئەگەر لە دەرەوەی وڵاتیش ئەنجام دەدرێت هەر تاوانە

ئەگەر قوربانییەکە دانیشتووی هەمیشەیی فینلەندا بێت. خەتەنەکردنی کچان و ئافرەتان شێوازی جیاجیای هەیە. توانراوە وەکو دەرزی چەقاندنێک یان بریندارکردنێکی بچووکی ئەندامی زاوزێ بکرێت، لە توندڕەوترین شێوازەکانیدا نزیکەی بەتەواوی بنبڕ کراوە. خەتەنە هیچ سوودێکی تەندروستی نییە. بەزۆری دەبێتە هۆی کێشەی تەندروستی وەک خوێنبەربوون و هەوکردن و ئازار و کێشەی دەروونی.

## بۆ ئەو کێشانەی کە بە بەهۆی خەتەنەکردنەوە دروست دەبن یارمەتی دەست دەکەوێت.

### نەشتەرگەریی کردنەوە

- دەتوانرێت لابیای بە خەتەنە داخراو بکرێتەوە. کردنەوەی نەخۆشییەکانی پەیوەست بە سوڕی مانگانە و میزکردن و جووتبوون و منداڵبوون کەمدەکاتەوە.
- نەشتەرگەریی کردنەوە بەزۆری لە ژێر بێهۆشکردندا ئەنجام دەدرێت. هەروەها دەتوانرێت لە کاتی دووگیانیدا ئەنجام بدرێت.

### نەشتەرگەری چاککردنەوە

- بە نەشتەرگەریی چاککردنەوە هەوڵ دەدرێت پێکهاتە و کارکردنی ئاسایی ئەندامی زاوزێی ژن بگەڕێندرێتەوە.
- نەشتەرگەریی چاککردنەوە بە گشتی لە ژێر خەواندندا ئەنجام دەدرێت.
- لە فینلەندا نەشتەرگەری چاککردنەوە لە خزمەتی تەندروستیی گشتیدا وەردەکرێت. نەشتەرگەری چاککردنەوە لە یەکەی نەشتەرگەری جوانکاریی لە بازنەی

نەخۆشخانەکانی هێلسنکی و ئوووسیما (HUS) ئەنجام دەدرێت.

**ئەو نەریتە زیان بە تەندروستی دەگەیەنێت و تاوانە. با پێکەوە ئەو نەریتە بشکێنین!**

## یارمەتی دەست دەکەوێت

ئەگەر هەست بە مەترسی خەتەنەکردن دەکەیت، پەیوەندی بە پۆلیسەوە بکە بە ژمارە 112 یان شتەکە بۆ کەسێکی پیشەیی بواری خزمەتی سۆشیال و تەندروستی، مامۆستا یان کەسێکی تری پیشەیی باس بکە.

### هێڵی سفر

nollalinja.fi/en یان تەلەفۆن بکە بۆ
005 005 080

### پەناگە ئارامەکان

nollalinja.fi/en/shelters-for-victims-of-domestic-violence

**African Care:** africancare.fi

**The Finnish League for Human Rights:** ihmisoikeusliitto.fi/english

ڤیدیۆی نەشتەرگەریی کردنەوە

## زانیاریی زیاتر

thl.fi/fgm

THL Work against violence
thl.fi/vakivalta